# ڕۆڵی ژنی کورد

## لە ڕووداوە سیاسی و جەماوەرییەکانی باشوری کوردستاندا

## (١٩٢١- ١٩٥٨)

پ.ی.د.سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر م.ی. بەشدار عومەر ڕەفیق

**پێشەکی:**

ماوەی سالأنی(١٩٢١–١٩٥٨)، وەك ماوەیەکی مێژوویی دیاریکراو کە سەردەمی دەسەلاتی پاشایەتییە لە عیراقدا، قۆناغێکی گرنگ و پڕبایەخە سەبارەت بە ژنی کورد، ئەوماوەیە بە سەرەتای تێکەلأو بوون و بەشداریکردنی ژنی کورد لەڕووداوە سیاسی و جەماوەرییەکان دادەنرێت لەباشوری کوردستاندا، چونکە بەر لەو ماوە مێژووییە ڕووداوێکی سیاسی و جەماوەریی ئەوتۆمان نییە کەژنی کورد توانیبێتی ڕۆڵێکی ئەوتۆی تێدا ببینێت.

لەبەر ئەوەی تائێستا کەمترین نوسراوی تایبەت سەبارەت بەژنی کوردو بەتایبەت تریش ڕۆڵی لەڕووداوە سیاسی و جەماوەرییەکاندا لەو ماوە مێژووییە دیاریکراوەدا لەبەر دەستدایە، ئەم توێژینەوەیەمان ئەنجامدا بۆ ئەوەی بتوانین تیشك بخەینە سەر لایەنێکی شاراوەی مێژووی کورد لەو قۆناغەدا.

ئامانجی توێژینەوەکە ئەوەیە کە خوێندنەوەیەکی وردی مێژوویی زانستیانە بۆ ڕۆڵی ژنی کورد لە ڕووداوە سیاسی و جەماوەریەکانی باشوری کوردستان لەو ماوە مێژووییە دیاریکراوە بکەین، بەدورکەوتنەوە لە سۆزێکی دیاریکراو بۆ بابەتەکە.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە بەشێوەیەکی بابەتییانەی زانستییانەو لە ڕێی ژمارەیەکی بەرچاو لەسەرچاوەی ڕەسەن و زانستییەوە، بەپێڕەو کردنی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی، شیکاریی، ئەم توێژینەوەیە بخرێتە بەردەست و لەم ڕووەشەوە ڕێ و شوێنە پێویستییەکانی میتۆدی لێکۆڵینەوەکە پێڕەو کراوە.

ئەم توێژینەوەیە کە تەرخانکراوە بۆ پێگەو ڕۆڵی ژنی کورد لەو ڕوداوە سیاسیو جەماوەرییانەی لە باشوری کوردستان لە نێوان سالأنی ١٩٢١–١٩٥٨دا ڕوویانداوە، لەوماوەیەدا چەندین ڕوداوی سیاسیو جەماوەری کاریگەر لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا ڕوویانداوە، ژنانی کورد لەم ناوچانەدا توانیویانە بە پێی ڕووداوەکەو شوێنو بارودۆخی ناوچەکە ڕۆڵی خۆیان لەم ڕوداوە سیاسییانەدا بەدیاربخەن، توێژینەوەکە بەسەر چوار باسدا دابەشکراوە، لەوانە: (ڕاپەڕینی ٦ی ئەیلولی ١٩٣٠ی بەردەرکی سەرا)، (مانگرتنی گاورباغی لەکەرکوك سالی ١٩٤٦)، (ڕاپەڕینی جوتیارانی دەشتی هەولێر سالی ١٩٥٣)، و (ڕووداوی هێنانەوەی تەرمی شێخ مەحمود بۆسلێمانی سالی ١٩٥٦).

بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ئەم توێژینەوەیە، پەنامان بۆ ژمارەیەکی جیاواز لە سەرچاوە بردووە کە دەکرێ لێرەدا بە سەر چەند پۆلێکدا دابەشیان بکەین:

یادداشت و بیرەوەریەکانی ئەو کەسایەتیانەی کە لەو ماوەیەدا ژیاون و بەشداری ڕووداوەکانیان کردووە سودی زۆریان لێ وەرگیراوە، لە گرنگترینیان یاداشتەکەی (بەهیە مەعروف بەرزنجی) بەناونیشانی (هەندێك لە بیرەوەریەکانی خاتوو بەهیە شێخ مارفی شێخ ئەحمەد)، یاداشتی درەخشان جەلال حەفید بەناونیشانی (کورتەیەك لە بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی ئافرەتانی کوردستان و هەندێك لە بیرەوەریەکانم)

کتێبەکان کە بنەمای سەرەکی توێژینەوەکەن، سودمان لە ژمارەیەکی زۆر کتێب بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی وەرگرتووە، لەگەڵ وتارو توێژینەوەی گۆڤارەکاندا.هەروەهاچاوپێکەوتنمان لە گەڵ چەند کەسایەتیەکدا، بنەمایەکی سەرەکی بوون بۆ دەستخستنی زانیاری ، لەبەر ئەوەی زۆر زانیاریمان لێ وەرگرتون کە هەتاکو ئێستا لە هیچ سەرچاوەیەکدا تۆمار نەکراون، هەوڵماونداوە تەنها چاوپێکەوتن لە گەڵ ئەو کەسانەدا بکەین کە بۆخۆیان لە ناو ڕووداوەکانی ئەو ماوەیەدا بوون و بەشێك بوون لە رووداوە سیاسیەکان، لەوانە(ئەنجوم زوهدی، خەجیجە مستەفا(فریشتە)، جەمیلە سابیر قادر، مەلیحە زوهدی...)

لەکۆتاییدا هەرچەندە هەوڵێکی زۆرمان داوە بۆ ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیەو بەئەنجام گەیاندنی بەوشێوەیەی لەبەر دەس دایە، بەڵام بێ گومانین وەك هەر هەوڵێکی تر بێ کەمووکورتی نیە.

# باسی یەکەم:
# ڕاپەڕینی ٦ی ئەیلولی ١٩٣٠ (بەردەرکی سەرا)

بە پێی ڕاسپاردەکانی لیژنەی (کۆمەڵەی گەلان)* ئەبوایە حکومەتی عیراق چەند مافێك بۆ کورد دەستەبەر بکات، بەلام دەسەلاتدارانی عیراق ملیان نەئەدا و جێبەجێیان نەدەکرد،[1] ئەوەش بارودۆخێکی وای هێنابوویە کایەوە کە گەلی کورد بە گشتیو خەڵکی سلێمانی بە تایبەتی بێدەنگ نەبن لە ئاستیداو دەنگی ناڕەزایی هەڵبڕن. جێبەجێ نەکردنی ئەو بەڵێنانەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە بەریتانیا لە ساڵی ١٩٣٠دا بڕیاریدا ئینتدابی خۆی لە سەر عێراق کۆتایی پێ بهێنێت، لە سەر ئەو بنەمایەی گوایە بەرەوپێشچوون لە بوارە جیاجیاکانی عێراقدا وەك ئابوری و ڕامیاری و مافی مرۆڤ دروستبووە و عێراق گەیشتۆتە ئاستی ئەوەی ئیتر بتوانێت خۆی بەڕێوە ببات.

هەر ئەمەش وای کردبوو پەرلەمانتارە کوردەکان چەند جارێك یاداشت پێشکەش بە سەرۆك وەزیرانی عیراقو نوێنەری باڵای بەریتانیا لە عێراق بکەنو تیایدا داوای جێبەجێ کردنی ڕاسپاردەکانی کۆمەڵەی گەلان بکەن، بەڵام داواکارییەکانیان پشتگوێ دەخرا. [2] جگە لەوان گەورە پیاوان و ڕوناکبیرە کوردەکانی خەڵکی سلێمانی چەندین جار یاداشتو بروسکەیان بۆ کۆمەڵەی گەلان ناردووەو داوای دەستەبەرکردنی مافەکانی کوردیان کردووە،[3] (حەپسەخانی نەقیب) وەك ژنە کوردێك ڕۆڵێکی بەرچاوی لەم هەڵمەتەدا هەبووە.[4]

لە لایەکی دیکەوە گفتوگۆ لە نێوان عێراقو حکومەتی بەریتانیا هاتە ئاراوە، بە مەبەستی مۆرکردنی پەیماننامەیەکی نوێ، کە بەو پێیە کۆتایی بە ئینتدابی بەریتانیا بهێنرێتو عێراق بچێتە کۆمەڵەی گەلانەوە، ئەوە بوو لە ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٣٠ (پەیماننامە)*کە لە نێوان هەر دوو لادا مۆر کرا.[5] لە بەر ئەوەی لەم پەیماننامەیەدا بە هیچ جۆرێك ناوی کورد نەهاتبوو و مافەکانی کورد باس نەکرابوون، بۆیە کوردیش لەبەرامبەر ئەم کارە بێ دەنگ نەبوون. [6] ئیتر ئەم

*کۆمەڵەی گەلان League of Nations : ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی بوو دووابەدووای تەواو بوونی شەڕی جیهانی یەکەم، لەساڵی ١٩١٩ لە کاتی بەستنی کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس دامەزرا. یەکەم ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بوو کە ئامانجی پاراستنی ئاشتیی جیهانیی هەبوو، لە سەرتاسەری دنیادا (٥٨) دەوڵەت ئەندام بوون تیایدا.

[1] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. ليلاف حمدامين عزيز: الحقوق السياسية للكرد في الدول التي تضم كردستان، مؤسسة حمدى للطباعة و النشر، سليمانية، ٢٠٠٧، ص ١٣٧-١٤٧.

[2] بۆ زانیاری زیاتر بروانە عبدالفتاح على البوتاني: الحركة القومية الكردية التحررية دراسات ووثائق، ط١، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ٢٠٠٤، ص٧٩-٨٠.

[3] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی داواکاری و تەلەگراف و نامە ناردنی کوردەکان بۆ کۆمەڵەی گەلان و مەندوبی سامی بەریتانیا لە عێراق و مەلیك فەیصەڵ، بڕوانە:م.ر.هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب٢، لەندەن، ١٩٩١، ل٧١١ و دواتری.

[4] عمر محمد محمد كريم: القضية الكردية في سياسة الحكومات العراقية، ١٩٣٢-١٩٤٥، مطبعة شظان، سليمانية، ٢٠٠٩، ص٦٣.

*ئەم پەیماننامەیە لە نێوان عێراق و بەریتانیادا مۆر کرا، بە پێی پەیماننامەکە عێراق لە ڕووی سیاسی و سەربازی و ئابورییەوە بەسترایەوە بە بەریتانیاوە، بەمەش عێراق سەروەریی خۆی لە دەستدا، سەبارەت بە کوردیش هیچ ئاماژەیەکی سەبارەت بە مافەکانی گەلی کوردی تێدا نەبوو، لە بەر ئەوەش لە لایەن کوردەوە ڕەت کرایەوە. جلال الطالباني: كردستان و الحركة القومية الكردية، ط٢، ، بيروت، ١٩٧١، ص١١١-١١٢.

[5] عبدالرزاق الحسنى: تاريخ الوزارات العراقية، ط٥، ج٣، مطبعة دار الكتب، بيروت، ١٩٧٨، ص٦٥ وما بعدها.

[6] م. ر. هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان، ب٢، ل٧٠٩.

ڕوداوانە بارودۆخی کوردستانیان بە جۆرێك ئاراستە کرد لە سەرەتای سییەکاندا بزووتنەوەی کوردایەتی بە گوڕو تینێکی نوێوە بێتە مەیدانەوەو پێ بخاتە قۆناغێکی نوێوە.

ژنانیش بێبەش نەبوون لە لێپرسینەوە و فشار خستنە سەریان لە لایەن دەسەڵاتی حکومەتەوە. ئەوە بوو لە دوای لابردنی (تۆفیق وەهبی)، بەڕێوەبەری پۆلیسی سلێمانی (مراد بەگ) فەرمانی بۆ (ئاسیا خان)* ی خێزانی (تۆفیق وەهبی) دەرکرد، کە دەبێت سلێمانی بەجێبهێڵێت، لە لایەکی ترەوە (حەپسە خانی نەقیب) لە ماڵەکەی خۆیدا دەستبەسەر کراو هاتوچۆ کردنی دەستە خوشك و هاوڕێکانی لێ قەدەغە کرا، ئەم کارانە ژنانی سلێمانی زۆر توڕە کردو هێرشی ناڕەزاییان دەستپێکرد.[1] بە جۆرێك پێش ڕوداوی (٦) ی ئەیلول ژنانی سلێمانی چەند خۆپێشاندانێکیان ئەنجام داوە.[2]هەرچەندە ئەمە تاکەسەرچاوەیە باس لە خۆپیشاندانی ژنان بکات پێش ڕاپەرینی ٦ی ئەیلول.

لە لایەکی ترەوە لە ١٩٣٠/٧/١ پەرلەمانی عێراق هەڵوەشێنرابۆوە، حکومەتی عێراق پەلەی دەکرد تا هەڵبژاردن بکرێت و پەرلەمان پێکبهێنێتەوە. لەو ڕۆژانەدا هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەن بە دوو قۆناغ ئەنجامدراوە، قۆناغی یەکەم (منتخب ثانوی) هەڵبژێردراوەو لە قۆناغی دواتر بە پێی ناوچەکە ئەندام هەڵبژێردراوە.[3]

ڕۆژەکانی بەر لە ٦ی ئەیلول بارودۆخی شاری سلێمانی نائارامی و پشێوی زۆری بەخۆوە بینی و خەڵك پەست و دلگران بوون لەو بارودۆخەی دروست ببوو،[4] چونکە لە لایەکی ترەوە ئەگەرچی (تۆفیق وەهبی)** لە ١١ی مایسی ١٩٣٠دا کرابوو بە موتەسەڕیفی سلێمانی، بەڵام لە سەرەتای ئەیلولی ١٩٣٠لە موتەسەڕیفی لابراو بانگێشتی بەغدا کرا.[5] لە شوێنی ئەو کاپتن (گاون)* بە شێوەیەکی کاتی بە موتەسەڕیفی سلێمانی دانرا.[6] چونکە حکومەت (تۆفیق وەهبی) بە هاندەری ئەو

---

* ئاسیا خان کچی ڕەزای بازرگانەو ساڵی ١٩٠٠ لە بەغدا لە دایك بووە، باوکی کوردی باکووری کوردستان بووە و دایکیشی عەرەبی بەغدا بووە، لە خوێندنگای ڕوشدیەی کچان لە بەغدا سەردەمی عوسمانی خوێندویەتی، لە ساڵی ١٩٢٧ شوی بە تۆفیق وەهبی کردووە، کەسایەتییەکی ڕۆشنبیرو سیاسی بووە، سەرۆکی یەکێتی ئافرەتانی عێراق بووە لە ساڵی ١٩٤٥ تا شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨، لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووزەوە چوەتە لەندەن، لە ساڵی ١٩٨٠ هەر لەوێ کۆچی دوایی کردووە. هیوا حمید شریف: توفیق وهبي حياتة ودورة السياسی والثقافي، مطبعة شفان، السليمانية،٢٠٠٦، ص٢٥–٢٦.

(١) درەخشان جەلال حەفید: ژیان و تێکۆشانی حەپسەخانی نەقیب، چ٢، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٢٤٣.

(٢) درەخشان جەلال حەفید: کورتەیەك لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ئافرەتانی کوردستان و هەندێ لە بیرەوەریەکانم، چ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٢٠.

(٣) م. ر. هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان، ب٢، ل٧١٠.

(٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧١٠.

** تۆفیق وەهبی ١٨٨٩–١٩٨٤، لە شاری سلێمانی لە دایك بووە، کۆلێژی سەربازی لە ئەستەنبوڵ تەواو کردووەو ساڵی ١٩٠٨ بە پلەی ئەفسەر دەرچووە، پۆستی موتەسەریفی سلێمانی، وەزیری ئابوری لە ١٩٤٣ و وەزیری مەعاریف لە ساڵی ١٩٤٨دا بینیوە، هەروەها ئەندامی کۆمەڵەی زانستی عێراقی بوو، ساڵی ١٩٨٤ لە لەندەن کۆچی دوایی کردووە. . . جمال بابان: اعلام كرد العراق،مطبعة شفان،سليمانية،٢٠٠٦، ص١٩٤؛ باقرامين الورد: اعلام العراق الحديث ١٨٦٩–١٩٦٩، ج١، مطبعة الميناء، بغداد، ١٩٧٨، ص١٨٥.

(٥) نوشیروان مصطفى امين: كردستان العراق، عصر القلم و المراجعات١٩٢٨–١٩٣١، ت:حمة صالح گەلالی، مراجعة و تقديم (ڕؤوف عثمان)، مطبعة خاك، سليمانية، ٢٠٠٠، ص٦٦.

* کاپتن گاون: پشکنەری کارگێڕیی بەریتانی بوو دووای لادانی تۆفیق وەهبی کرا بە وەکیلی موتەسەریفی سلێمانی و کاروباری گرتە دەست.

(٦) سروة أسعد صابر: كوردستان الجنوبية ١٩٢٦–١٩٣٩، دراسة تاريخية، سياسية، مطبعة حمدى، السليمانية، ٢٠٠٦، ص١٥٤" م. ر. هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان، ب٢، ل٧١٤.

جموجۆڵانە دەزانی کە لەو ماوەیەدا لە سلێمانی روویان دا، هەر چەند ئەمە پەیوەندی بە (تۆفیق وەهبی)ەوە نەبوو، بەڵکو خەڵکی کوردستان بۆخۆیان ئاگاداری پشتگوێ خرانی مافی کورد بوون لە پەیمانی عێراق بەریتانی دا. [1]

لە رۆژی ٦ی ئەیلولی ١٩٣٠ ئاگاداری (٣٠) کەسایەتی ناسراوی شاری سلێمانی کرابۆوە بۆ ئەوەی وەك نوێنەری خەڵکی سلێمانی بە نوێنەرایەتی سەرۆکی شارەوانی سلێمانی بەشداری هەڵبژاردن بکەن.[2] ئەمەش تەواو پێچەوانەی بیرو باوەڕی خەڵکی سلێمانی بوو، چونکە ئەوان بڕیاریان دابوو کە بەشداری لە هەڵبژاردن نەکەن.[3] ئیتر خۆپێشاندان بە تەواوی دەستی پێکردو خۆپێشاندەران کەوتنە وتاردان و بەرزکردنەوەی دروشم دژی هەڵبژاردن.[4] ئەمەش گۆڕانکارییەکی نوێ بوو لە جووڵانەوەی رزگاریخوازی کوردیدا، کە ناوەندی جوڵانەوەکان لە لادێکانەوە گوێزرایەوە بۆ چەقی شارەکان و دانیشتوان خۆیان لە جیاتی سەرۆکی هۆز و پیاوانی ئایینی پێشڕەوایەتی ڕاپەڕینیان دەکرد.[5]

ڕاپەڕینی ٦ی ئەیلول ڕاپەڕینێکی کتوپڕو لەخۆوە نەبوو، بەڵکو بارودۆخی باشوری کوردستان بە گشتی و شاری سلێمانی بە تایبەتی، دەمێك بوو کەسایەتییە ناسراوو سیاسییەکانی سلێمانی هێنابووە سەر ئەو باوەڕەی کە ڕاپەڕین بە ڕووی دەسەڵاتدارانی حکومەتدا کارێکی پێویستە لەو قۆناغەدا کە بەرژەوەندییەکانی گەل لە بەر دەم هەڕەشەیەکی گەورە دایە. لەم نێوەندەش دا چالاکیەکانی حەپسەخانی نەقیب بەر لە دەستپێکردنی ڕاپەڕینەکە کاریگەریەکی زۆری هەبووە لە سەر هاندان و وروژاندنی هەستی خەڵکی، بۆ ئەوەی بە ڕاپەڕینێك هەستن، چونکە نامە و نوسراوی زۆری بۆ سەرۆکی خێڵەکان و کوێخای دێیەکان ناردبوو بۆ ئەوەی بەشداری لە ڕاپەڕین دا بکەن، لە بەر ئەوە رۆڵی حەپسەخانی نەقیب بۆ بەرپا بوونی ئەو ڕاپەڕینە بە یەکێ لە هۆکارەکان دادەنرێت.[6] چونکە بەر لە دەستپێکردنی ڕاپەڕینەکە چەند جارێك نامەی ناردووە بۆ کۆمەڵەی گەلان و داوای کردووە دان بە مافەکانی گەلی کورد دا بنێن، هەروەها پەیوەندی بە ئەفسەری تایبەتییەوە کردووەو ئاگاداری کردۆتەوە کەوا گەل بە شۆڕشێك هەڵدەستێ، لە بەر ئەوە باشترین شت ئەوەیە لەگەڵ مەندوبی سامی دا کۆبوونەوەیەك بکرێت و چارەسەری ئەو گرفتانە بکرێت کە دەبنە هۆی ئەم شۆڕشە، چونکە گەل هۆشیارە لەم بارەیەوە.[7]

ڕاپەڕینەکە کاتێك هەموو هۆکارو بارودۆخەکەی ئەو ماوەیە و بە تایبەتیش ڕۆژی ٦ی ئەیلول ڕەخسێنەری بەرپا بوونی بوون، لە کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ ڕووداوەکانی ڕاپەڕین دەستی پێکرد.[8] بەشداری ژنانیش رێژەیەکی بەرچاو بوو کە تێکەڵاوی ریزی پیاوان دەبوون لەو خۆپێشاندان و ڕاپەڕینە دا.[9]

---

[1] م. ر. هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان، ب٢، ل٧١٤-٧١٦.

[2] عبدالرزاق الحسني: تاريخ الوزارات، ج٣، ص٧١.

[3] عەلائەدین سەجادی: شۆڕشەکانی کورد ، ل١٢٤.

[4] عثمان علي: دراسات في الحركة الكوردية المعاصرة ١٨٣٣، مكتبة التفسير، اربيل، ٢٠٠٢، ص٥٥٨.

[5] جلال الطالباني:حول القضية الكردية في العراق، ط٢، دار أرارات للثقافة و النشر، بيروت، ١٩٩٦، ص٢٤؛ جەلال تاڵەبانی: کوردایەتی (بزوتنەوەی رزگاری نەتەوایەتی گەلی کوردستانە)، چ٣، ب-ش، ١٩٩٦، ل٧٨-٧٩؛ عزيز الحاج: القضية الكردية في العشرينات، ط٣، مطبعة الانتصار، بغداد، ١٩٨٥، ص١١١.

[6] درەخشان جەلال حەفید: کورتەیەك لە بزووتنەوەی . . . ، ل١٩-٢٠.

[7] درەخشان جەلال حەفید: ژیان و تێکۆشان ، ل٢٤٤-٢٤٥.

[8] نوشيروان مصطفى امين: كردستان العراق، عصر القلم. . ، ص٦٨.

[9] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: هەقائقی بەسەرهاتی شێخ مەحمود لەپەنای ئیستقلالی کوردا، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری،سلێمانی ،٢٠٠٣،ل٤٨.

ئەو جەماوەرەی لە بەر دەرکی سەرا دا کۆببوونەوە، زیاتر ئامانجیان ڕێگە نەدان بوو بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە، بەڵام پۆلیسەکان کەوتنە پاڵپێوەنان بە خەڵکەکەوە و جۆرێك لە توندوتیژی لە نێوان خەڵك و پۆلیس دروست بوو. هەندیك لە گەنجانی ناو خۆپێشاندەران تووڕەییان زیادی کردو بەردبارانی پۆلیس و دامودەزگای حکومەتیان کرد.[١] حکومەت کە زانی لە توانای دا نییە کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکات و جەماوەر هێور بکاتەوە، داوای تیپێکی سەربازی کرد، لەگەڵ گەیشتنی سەربازەکان کەوتنە تەقە کردن لە هاووڵاتیان، لە ئەنجامدا ژمارەیەك کوژراو و برینداری لێ کەوتەوە.[٢] سەرچاوەکان بە شێوەیەکی جیاواز باس لە ژمارەی قوربانیان و بریندارەکان دەکەن، بەڵام زیاترینیان و نزیکترینیان لە ڕووداوەکان ژمارەی قوربانییەکان لە نێوان ١٢–١٣ کەس ئەژمار دەکەن و ژمارەیەکی زیاتریش بۆ بریندارانن، لەگەڵ کوژرانی سەربازێك و بریندابوونی دوانی تر.[٣] ئەوەی جێگای باسە ناوی هیچ ژنێك نەهاتووە، کە کوژرابێت لەو ڕاپەڕینەدا لە ناو سەرچاوەکاندا. تەنها ئەوە نەبێت کە پاکیزەی ڕەفیق حیلمی لە یادداشتەکەی دا دەنووسێت:"لە ١٠٠ کەس زیاتر گەنج و منداڵ و ئافرەتیان بەر تۆپ و گوللە دان و کوژران".[٤] مەبەستمان لە هێنانەوەی ئەم دەقەش تەنها ئەوەیە کەتەنها لەم شوێنەدا باس لە کوژرانی ژن دەکرێت. بەم شێوەیە حکومەت توانی کۆتایی بە ڕاپەڕینەکە بهێنێت بە زەبری هێز و لە دواتریش سوپایەکی زۆری لە ناو شار دا جێگیر کرد بە مەبەستی تەواو کۆنترۆڵ کردنی بارودۆخەکە، هەروەها ژمارەیەکی لە کەسایەتیە دیارەکانی سلێمانی دەستگیر کرد، وێڕای هەموو ئەمانەش حکومەت لە ١٥ی ئەیلولی ١٩٣٠ دا بە ئارەزووی خۆی هەڵبژاردنی ئەنجامدا.[٥]

لەم ڕۆژی پڕ نەگبەتی و نەهامەتیەی شاری سلێمانی دا میرزا محمد ئەمین مەنگوڕی لە بارەی حەپسەخانی نەقیبەوە دەڵێت:"ئەمجا سلێمانی وەزعیەتێکی پڕ لە گریان و شیوەنی وەرگرت، بەڵام ئەوەی کە زۆر هیممەتی کوردایەتی لەو ڕۆژەدا بە خەرجدا، (حەفسەخانی نەقیب) بوو کە زۆر بە تفسیل و بە ئیحتیجاجێکی زۆر (شدید اللهجة) ئەو بەیاناتەی بە تەلگراف دا بە عوسبەت ئومەم و و سەفارەتی بەریتانیا، موباشەرەتەن لەگەڵ جەعفەر پاشادا قسەی کرد، زۆر عەمەلیاتی (خارق العادة)ی بۆ تەسکینی ملەتی سلێمانی تەشجیعی روحی قەومەکە نیشان دا"[٦]. چونکە حەپسەخانی نەقیب دوای یەك ڕۆژ لە ڕاپەڕینی بەر دەرکی سەرا لە ٧ی ئەیلول دا نامەی بۆ کۆمەڵەی گەلان (عصبة الامم) و مەندوبی سامی بەریتانیا و جەعفەر عەسکەری بریکاری وەزیری ناوخۆ ناردووە و داوای مافی کوردی کردووەو جەور و ستەمی حکومەتی ڕوون کردۆتەوە.[٧]

---

[١] مەلا عەبدوڵڵای زێوەر:گەنجینەی مەردان و یاداشتی ڕۆژانی دەربەدەری، ئامادەکردنی محەمەدی مەلا کەریم،مگبعە الادیب البغدادیە، بغداد، ١٩٨٥، ل١٣٢.

[٢] سروە اسعد صابر: م.س، ص ١٥٧–١٥٨.

[٣] بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوەو جیاوازی بۆچوونی نووسەران لە بابەت ژمارەی کوژراو و بریندارەکان بڕوانە. عبدالرزاق الحسنی: تاریخ الوزارات، ج٣، ص٧١–٧٢؛ مەلا عەبدوڵڵای زێوەر: س.پ، ل١٢٢؛ احمد خواجە: چیم دی، ب٣، سلێمانی، ١٩٧٠، ل٨٢؛ سروة اسعد صابر: م. س، ص١٦٠؛ نوشیروان مصطفى امین: کردستان العراق، عصر القلم. . ، ص٦٨.

[٤] س. پ، ل١٢٦.

[٥] بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە. سروە اسعد صابر: م. س، ص١٦١–١٦٥.

[٦] س. پ، ل٥٠.

[٧] محمد علی صویرکی: معجم اعلام الکرد في التاریخ الاسلامي والعصر الحدیثفي کردستان وخارجها،مطبعة حمدی، السلیمانیة، ٢٠٠٥ ، ص٣٣٨؛ سروة اسعد صابر: م. س، ص١٦٠ .

د. کەمال مەزهەر لەم بارەیەوە دەڵێت:"شانازی بۆ حەپسە خانی نەقیب و کورد کە حەپسەخان یەکەم کەس بووە لە سەر خوێنی شەهیدانی ٦ی ئەیلول هاتە دەنگ و بروسکەیەکی بۆ مەندوبی سامیی بەریتانیا نارد و بێ سەلام کردن بەم جۆرە دەستی بە قسەکانی کرد:

"لە نەقیب زادە حەفصەوە:

–بۆ شکۆدار مەندوبی سامی بەریتانی

–ڕۆژی ٧ی ئەیلولی ١٩٣٠

–لە سلێمانیەوە

هەڵبژاردنەکان بە شێوازێکی دڕندانەی بێزراوی ئەوتۆ ڕادەپەڕێنرێت کە هیچ گەلێکی جیهان لە ڕۆژگاری بەربەریەکاندا لە وێنەیان نەبینیوە. کام یاسا ڕێگا دەدات گەلێك لە کاتی هەڵبژاردندا تیرۆر بکرێت. کێ لە ئێوە یاساپارێزن و کێش لە ئێوە یاسا دەخاتە ژێر پێوە؟ کام یاسا ڕێگای داوە چەك دژی جەماوەر لە کاتی هەڵبژاردندا بەکار بهێنێت؟ ئەمڕۆ شاری سلێمانی گەیەندراوەتە دۆخێکی دژواری بەربەریی ئەوتۆ کە بۆی هەیە سەرتاپای مێژووی هەر کەسێکی بەرپرس لەکەدار بکات.

لێژنەکەتان (لێژنەی سەرپەرشتی کردنی هەڵبژاردنەکە) کەوتە وتووێژ لەگەڵ کەسانێکدا کە هیچ سەنگێکیان لەم وڵاتەدا نییە. جەماوەر کاتێك بەمەیان زانی بۆ دەربڕینی ناڕەزایی خۆیان کۆبوونەوە ئەمەیش بێگومان مافی یاسایی خۆیانە. کاتێك ئەوان (پیاوانی میری) دییان زۆربەی هەرە زۆری خەڵکەکە دژیانن پەنایان بردە بەر سەرباز و ڕەشاش و دەسرێژییان لێ کردن و ٦٠–٧٠یەکیان لێ کوشتن و بریندار کرد. کام یاسا ڕێگەی ڕەفتارێکی وەها دەدات؟ ئەی چۆن ئەوانەی وایان کرد دەتوانن پاکانە بۆ کارەکەیان بکەن؟. ئێمەی کورد بێزاری خۆمان بەرامبەر بەو کارە دڕندانەیە دەردەبڕین و هەتا خوێنی کوردایەتی لە دەمارەکانمان دا بجمێت هەر باسی دەکەین و دەکەین ئێوە یاساپارێزن، ئەگەر وابێت کێن ئەوانەی یاسایان پێ شێل کرد؟ هێزە چەکدارەکانی (میری) بەوەوە نەوەستان کە بە جەماوەرەکەیانکرد، بەڵکو ڕژانە ناو ماڵەکەی منیشەوە و کەوتنە پشکنین و ڕووی چەکەکانیان کردبووە سنگی ئافرەتەکان. ئەم پشکنینە بوە هۆی فەوتان و تاڵان کردنی شتومەکە بەنرخەکانم. من داوای مافە ڕەواکانی خۆم لە سەرجەمی ئەو کەسانە دەکەم کە یاسایان پێشێل کرد و ڕێزی ماڵەکەمیان نەگرت. دوای ئەم هێرشە جانەوەریە هێزە چەکدارەکان کەوتنە گرتنی پیاوە ناسراوەکانمان ئەوانەی بەرەبەیانی ڕۆژی دواتر ڕەوانەی بەغدا کران. تکا لە شکۆدارتان دەکەم ئەم بروسکەیەم وەرگێڕنە (سەر زوبانی ئینگلیزی) وێنەی پێشکەشی(کۆمەڵگەی گەلان) لە جنێف بکەن". [١]

لە دەقی ئەم نامەیەی حەپسەخانی نەقیب دا بە دیار دەکەوێت کە حەپسە خان وەك ژنێکی سەرکردە، لە ڕوانگەی یاساوە بەرپرسانی ڕووداوی ٦ی ئەیلول تاوانبار دەکات و بە ناوی هەموو گەلی کوردەوە سەرزەنشتی ڕەفتاری نەشیاوی بەرپرسان دەکات. لە بەر ئەوە ئەوەی سەرەنجی مێژوونوس کەمال مەزهەری ڕاکێشاوە ئەوەیە کە جگە لەوەی نۆجار وشەی یاسا لەم نامەیەدا بەکارهاتووە، سێ جار وێنەی ئەم بروسکەیە لە هەمان فایلدا هەڵگیراوە لەناو بەڵگە نامەکانی ئەرشیفی حکومەتی بەریتانیادا، بە جۆرێك دەڵێت من بۆ خۆم تا ئێستا لە هیچ فایلێکدا شتی لەو جۆرەم بەرچاو نەکەوتووە. [٢]

---

[١] کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی حکومەتی بەریتانیادا، ئامادە کردنی (عەبدوڵڵا زەنگەنە و شەهلا تاهیر حەیدەری)، ب١، چ١، چاپخانەی گرین گالۆری، لوبنان، ٢٠٠٨، ل ل١٩٣–١٩٥.

[٢] هـ.س ، ل١٩٥.

كومه‌ڵه‌ی گه‌لان له به‌رامبه‌ر نامه و سكالأیه‌كه‌ی حه‌پسه‌خان بیٚ ده‌نگ نه‌بوون. به‌ڵكو وه‌لأمی داوه‌ته‌وه‌و له ده‌قی نامه‌یه‌كدا ڕایانگه‌یاندووه، كه له لایه‌ن ئه‌نجومه‌نی نه‌ته‌وه‌كانه‌وه ته‌ماشای سكالأنامه‌كه‌ی ٧ی ئه‌یلولی ١٩٣٠یتان كراوه، به‌ڵكو ئه‌نجومه‌نی نه‌وته‌وه‌كان تا ئێستا به چاوی ڕێزو سۆزه‌وه ده‌ڕوانێته مافه‌كانی گه‌لی كورد، هه‌روه‌ها گه‌یشتوه‌ته ئه‌و قه‌ناعه‌ته‌ی كه كورده‌كان خزمه‌ت ده‌كه‌ن له پێناوی پاراستنی ئاسایشی عێراق دا...[1] له ده‌قی وه‌لأمه‌كه‌ی كۆمه‌ڵه‌ی گه‌لان دا ئه‌گه‌رچی به‌ڵێنێكی تێدا به‌دیناكرێت سه‌باره‌ت به مافی گه‌لی كورد و سزادانی ده‌ستدرێژی كارانی رۆژی ٦ی ئه‌یلول، به‌لأم جێگه‌ی دڵخۆشییه بۆ پێگه‌ی ژنێكی كورد كه له سییه‌كانی سه‌ده‌ی بیسته‌مدا به جۆرێك سكالأنامه‌یه‌ك پێشكه‌شی كۆمه‌ڵه‌ی گه‌لان بكات، كه نه‌توانن وه‌لأمی نه‌ده‌نه‌وه، ئه‌گه‌ر چی وه‌لأمه‌كه‌ش ته‌نها سه‌رپێییو بۆ دڵخۆشكردن بێت.

به‌شداری كردنی ژنانی سلێمانی له ڕاپه‌رینی ٦ی ئه‌یلول دا به شێوه‌ی گروپ و كۆمه‌ڵ و ڕابه‌رایه‌تی كردنیان له لایه‌ن (حه‌پسه‌خانی نه‌قیب)ه‌وه، به تایبه‌ت له ڕاپه‌ڕینێكی جه‌ماوه‌ری سیاسیدا كه تازه مه‌ڵبه‌ندی خه‌باتو تێكۆشانی گه‌لێكی له شاخه‌وه بۆ ناوه‌ندی شاره‌كان و سه‌رپه‌رشتی كردن و ڕابه‌رایه‌تیكردنی له لایه‌ن خودی خه‌ڵكانی شاره‌كه‌وه ده‌ستپێكردبوو، بۆ ئه‌و قۆناغه جگه له‌وه‌ی قورسایی ڕاپه‌ڕینه جه‌ماوریه‌كه‌یان زیاترو به هێزتر كردو ده‌نگی خۆیان وه‌ك ژنانی كورد و نیوه‌ی ئه‌و كومه‌ڵگایه گه‌یانده ده‌سه‌لأتی بالأی ناوچه‌یی و نێو ده‌وڵه‌تی، له هه‌مان كاتدا وه‌ك چۆن سه‌ره‌تای به‌شداری كردنی ژنان بوو، بوو به سه‌ره‌تایه‌كیش بۆ به‌شداری ژنان له ڕاپه‌ڕینه جه‌ماوه‌ریه‌كانی دوای ئه‌م ڕاپه‌رینه، كه خۆی له خۆیدا ده‌سكه‌وتێكی گه‌وره بوو بۆ كۆمه‌ڵگه‌ی كوردی و شكاندنی كۆت وبه‌نده‌كانی به‌رده‌م ژنان بۆ به‌شداریكردنیان له خه‌بات و ڕوداوی سیاسیدا.

[1] جلال الطالباني: كردستان و الحركة القومية ، ص٢٣٠–٢٣١؛ دره‌خشان جه‌لال حه‌فید: ژیان و تێكۆشان، ل ل١٩٣–١٩٤.

## باسی دووەم:

## مانگرتنی گاورباغی لە کەرکوك ١٩٤٦:

لەماوەی جەنگی دووەمی جیهانیدا (١٩٣٩–١٩٤٥) بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی بە جارێك تووشی داتەپین بوو لە ناوچە جیاجیاکانی عێراق دا، باری گوزەرانی دانیشتوانی قورس کردو مۆرکی ژیانیانی ڕیشەیی گۆڕی. بە جۆرێك ئەم ڕەوەشە سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی عێراقی لە گشت کونجێکدا گرتەوە. لەم نێوەندەشدا ئەوەی لە هەمووان زیاتر کاریگەری ئەو بارودۆخە لە سەریان ڕەنگی دایەوە کرێکاران بوو.[1]

کرێکارانی (کۆمپانیای نەوتی عێراق ) لە کەرکوك بە مەبەستی چاککردنی باری ژیانیان، لە حوزەیرانی ١٩٤٦ یاداشتێکیان پێشکەشی کۆمپانیاکە کرد، لەم یاداشتە دا چەند داواکارییەك هاتبوو لەوانە، دامەزراندنی سەندیکایەکی کرێکاری و گۆڕانکاری لە مووچەو دابینکردنی هۆکاری گواستنەوەو هیتر،[2] بەڵام بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای نەوتی عێراق گوێی لە داواکارییەکانیان نەگرت، لە بەر ئەوە لە ٨ی حوزەیرانی ١٩٤٦دا کرێکاران نووسراوێکی هەرەشە ئامێزیان پێشکەشی کۆمپانیاکە کرد، ڕایانگەیاندبوو ئەگەر گوێ لە داواکاریەکانیان نەگرن پەنا دەبەنە بەر مانگرتنێکی گشتی.[3]

دوای بێ ئاکامبونی کرێکاران لە هەوڵەکانیان، لە ٣ی تەمووز کرێکاران لە (باخچەی گاورباغی)* مانگرتنی گشتییان ڕاگەیاند، لە ڕۆژی دواتریشدا خۆپێشاندانیان ئەنجامدا، لەم خۆپێشاندانەدا سەرجەم چین و توێژەکانی کەرکوك تێیدا بەشداریان کرد.[4] لەوە بە دواوە ئێوارەی هەموو ڕۆژێك کرێکارەکان لە باخچەی گاورباغی کۆ دەبونەوە، بەرنامەشیان بریتی بوو لە وتار خوێندنەوەو خۆپێشاندان.[5] ئەگەرچی حکومەت بەڵێنی دا هەندێك لە داواکارییەکانی کرێکاران جێبەجێ بکات، بەڵام نەبووە هۆی ڕازیبونی کرێکاران و شکاندنی مانگرتنەکەیان، لە بەر ئەوە ئاگاداری کرێکاران کرایەوەکە بە زەبری هێز کۆتایی بە خۆپێشاندان و مانگرتنەکەیان دەهێنرێت.[6] بە بیانوی ئەوەی ئەم کۆبوونەوانە کار دەکاتە سەر ئاسایشی گشتی، لەبەر ئەوەژمارەیەك چەکدار پەلاماری کرێکارانیان دا وتەقەیان لە کرێکاران کرد کە لە گاورباغی دا کۆببوونەوە.[7] لە ئەنجامدا ژمارەیەك لە کرێکاران کوژران و بریندار بوون‌و ژمارەیەکیش دەسگیر کران.[8]

---

(1) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ژیانی کرێکارانی عێراق بڕوانە. کەمال مەزهەر ئەحمەد: چینی کرێکارانی عێراق(دروستبوون و سەرەتای بزوتنەوەی)، و:فوئاد مەجید میسری، مطبعة الادیب، بغداد، ١٩٨٥.

(2) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی داواکارییەکانی کرێکاران بڕوانە. عبدالرزاق الحسني: تاريخ الوزارات...، ج٧، ص١١٧–١١٩.

(3) دڵشاد مەحمود عەبدوڕەحمان: کەرکوك (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی دەربارەی ڕۆڵی سیاسی و رۆشنبیریی (١٩٣٢–١٩٥٨)، نامەی ماستەر، پێشکەشی کۆلێژی ئەدەبیات/ زانکۆی سەلاحەدین/هەولێر، ٢٠٠٦ کراوە، ل ١٣٢.

* شوێنێکە دەکەوێتە گەڕەکی ئەلماس لە بەشی ڕۆژئاوای شاری کەرکوك، ئەم شوێنە باغی مەسیحییەکان بووە، لە بەر ئەوە لە ناو دانیشتوانی شارەکە ناوی بە "گاورباغی" دەرکردبوو.

(4) مەهدی محەمەد قادر: پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق ١٩٤٥–١٩٥٨،سلێمانی ،٢٠٠٥، ، ل ٢٢٦–٢٢٩.

(5) حنابطاطو: العراق، الكتاب الثاني، الحزب الشيوعي، ت:عفيف الرزاز، ط١، تهران، ٢٠٠٥، ص١٩٠.

(6) جعفر عباس حميدي: التطورات السياسية في العراق ١٩٤١–١٩٥٣، النجف، ١٩٧٦، ص٤٣٦–٤٣٧.

(7) دڵشاد مەحمود عەبدوڕەحمان: س. پ، ل١٣٨.

(8) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی کوژراو و بریندار و دەسگیر کراوان بڕوانە. عبدالرزاق الحسني: تاريخ الوزارات، ج٧، ص١١٨؛ حنا بطاطو: العراق، الكتاب الثاني، ص١٩١؛ نبيل عكيد محمود المظفري: دور نواب كركوك في مجلس النواب العراقي خلال العهد الملكي ١٩٢٥–١٩٥٨، مطبعة روز، كركوك، ٢٠٠٩، ص٢١٩–٢٢٠.

ئێوارەی ١٣ی تەموز جەماوەری شاری کەرکوك بە ژن و گەورە و بچوکیانەوە هاتنە سەر شەقامەکان و خۆپێشاندانیان ئەنجامدا، لە دژی توندو تیژیەکەی حکومەت بەرامبەر کرێکاران و کوشتن و دەسگیر کردنی ژمارەیەکی زۆر لێیان.[١] ژنە کوردەکانی شاری کەرکوك بەتایبەتی کەسوکاری کوژراوو بریندارو دەسگیرکراوەکان کە ژمارەیان نزیکەی (٧٠) ژن بووە بەشداری خۆپیشاندانەکەیان کردووە، لەڕۆژی خۆپیشاندانەکەدا ژنەکان بەپێشی پیاوان کەوتون و بەرەو گۆڕەپانی گاورباغی ڕۆیشتوون و لەم شوێنەدا کۆبونەتەوە، وەك ناڕەزاییەك لەدژی توندوتیژیەکانی حکومەت و کۆمپانیای نەوتی کەرکوك، بەڵام حکومەت هیچ گوێی لێ نەگرتون و پاش ماوەیەك خۆپیشاندانەکە بلاّوەی پێ کراوە[٢] بەڵام ڕوداوەکانی گاورباغی بووە هۆی ناڕەزاییەکی زۆری جەماوەری، بەرامبەر کردەوەکانی حکومەت لەمەڕ جێبەجێ نەکردنی داواکاریەکانی جەماوەر و نواندنی توندوتیژی بەرامبەر کرێکاران. لە شاری هەولێردا لە ژێر دروشمی چاککردنی باری کرێکاران و ئازاد کردنی گیراوەکان، خۆپێشاندانێك ئەنجامدرا، لەم خۆپێشاندانە ژمارەیەکی بەرچاو لە ژنانی هەولێر بۆ پشتیوانی کرێکارانی کەرکوك و ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر هەڵوێستی حکومەت ڕژانە سەر شەقامەکانی هەولێر.[٣] لە دیارترین ئەو ژنانەش کە ناویان تۆمار کرابێت (ساکینە سلێمان، ڕەمزی عەلی، ناهیدە یونس، نەسرین عومەر ئەمین، ئەلماسە حەمە سەعید) بوون، کە لە ڕۆژی ڕاپەڕینەکەدا ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە.[٤]

---

[١] دلّشاد مەحمود عەبدوڕڕەحمان: س.پ، ل١٣٩.

[٢] چاوپێکەوتنێك لەگەڵ کەریم فەقێ ئەحمەد باباعەلی، لە ١٠ ی ئەیلولی ٢٠١١ ، کەرکوك، ناوبراو لە ساڵی ١٩٣٧ لە کەرکوك لە دایك بووە، لە ساڵی ١٩٥٦ پۆلی سێی ناوەندی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٥٥ بووە بە ئەندامی حزبی شیوعی تا ئێستاش ئەندامی هەمان حزبە، لە ڕۆژی خۆپیشاندنەکەی گاورباغی دا ئامادە بووەو ڕووداوەکانی بە چاوی خۆی بینیوە، ئێستا لە کەرکوك نیشتەجێیە، چاوپێکەوتنێك لەگەڵ ڕەزا صالح کاکی زەنگەنە لە ٩ ی ئەیلولی ٢٠١١ ، کەرکوك، ناوبراو لە ساڵی ١٩٢٥ لە کەرکوك لە دایك بووە، لە ساڵی ١٩٥٣ بووە بە ئەندامی حزبی شیوعی، تائێستاش ئەندامی حزبی ناوبراوە. برای یەکێك لە کرێکارە مانگرتووەکانی گاورباغیە کە کوژراوە لەو ڕاپەرینە، ئێستا لە کەرکوك نیشتەجێیە.

[٣] چاوپێکەوتنێکی تۆمارکراو لەگەڵ عەلی چوکل بریە. لە ٢٧ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٢، هەولێر. ناوبراو لە ساڵی ١٩٢٢ لە شاری هەولێر لە دایك بووە، لە ساڵی ١٩٤٣ خانەی مامۆستایانی لە بەغدا تەواو کردووە، لە سەرەتای چلەکانەوە تێکەڵاوی کاری سیاسی بووەو پەیوەندی کردووە بە پارتی هیواوە، چەندین جار بە هۆکاری سیاسیەوە بەند کراوە.

[٤] مەهدی محەمەد قادر: پێشهاتە سیاسیەکان ، ل٢٣٤.

## باسی سێیەم:
## ڕاپەڕینی جوتیارانی دەشتی هەولێر ١٩٥٣

دوابەدوای جێگیر بوونی دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی و بەهێز بوونی بنەماکانی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم لە کوردستاندا.(١) چەوساندنەوە و زوڵم و زۆرداری ئاغا بەرامبەر جوتیاران بەشی زۆری ناوچەکانی کوردستانی گرتبۆوە.(٢) یاساو دەسەڵاتی پاشایەتی لە عێراقدا لە بەرژەوەندی ئاغا و دەرەبەگایەتی دا بوو، ئەمەش وایکردبوو جوتیاران لە سایەی یاسا و دەسەڵاتی دەوڵەت دا بکەونە ژێر باری چەوساندنەوەو زوڵمی دەرەبەگایەتیەوە.(٣) لە ئەنجامی ئەم بارودۆخەش دا چەندین ڕاپەڕین لە ساڵانی (بیست، سی، چل)ەکاندا لە لایەن جوتیارانەوە لە کوردستان و ناوچەکانی تری عێراقدا بۆ بەدیهێنانی مافەکانیان ڕووی دا.(٤)

جوتیارانی کوردستان بە گشتی و جوتیارانی (دەشتی هەولێر)* بەتایبەتی بە ڕادەیەکی زۆر کەوتبونە ژێر باری گرانی چەوساندنەوەو زوڵم و زۆرداری ئاغاکانی ناوچەکەوە، کاری بێگاری (سوخرە) کە بە خۆڕاییو بە زۆر بە جوتیاران دەکرا لە دیارترین دیاردەکانی چەوساندنەوەی جوتیاران بوو، ئەم سوخرە و بە زۆر کارپێکردنەش بە تەنها پیاوانی نەگرتبۆوە، بەڵکو ژنانیش لەم ڕووەوە بەشێکی دانەبڕاو بوون و وەك برا جوتیارەکانیان نالەبارترین ژیانیان بە سەر دەبرد لە ژێر سایەی دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی دا و بێگاریی جۆراوجۆریان پێ دەکرا.(٥)

لەم نێوەندەدا پارتە سیاسییە نهێنییەکان بە پێی بیرو باوەڕ و بەرنامەی سیاسی خۆیان چونە ناو ڕیزەکانی بازنەی خەباتی جوتیارانەوە، حزبی شیوعی عێراق ڕۆڵێکی سەرەکی گێڕا و بە پێشەنگ دادەنرێت لەم ڕووەوە، لە ڕێگای ڕێکخستنی جوتیاران لە ناو شانە حزبیەکان و هۆشیار کردنەوەیان بۆ ئاراستە کردنی جوتیاران ڕووەو خەبات و تێکۆشان، پارتی

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی دەرەبەگایەتی لە کوردستان دا بڕوانە. أ. شاميلوف: حول مسألة الاقطاع بين الكرد، ت:كمال مظهر احمد، مطبعة الحوادث، بغداد، ١٩٨٧، ص ١١ ومابعدها.

(٢) مەهدی محەمەد قادر : پێشهاتە سیاسیەکان،ل٢٣٩.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ژیانی جوتیاران و چینی هەژاران لە سای دەسەڵاتی پاشایەتی دا بڕوانە. حنا بطاطو:العراق، الكتاب الاول، الطبقات الاجتماعية و الحركات الثورية في العهد العثماني حتى قيام الجمهورية، ت:عفيف الرزاز، تهران، ٢٠٠٥، ص ص٦٥–٧٠.

(٤) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەو ڕاپەڕینانەی لەو ماوانەدا لە کوردستان وعێراق دا ڕوویان داوە بڕوانە. ليث عبدالحسن جواد الزبيدي: ثورة ١٤تموز ١٩٥٨في العراق، دارالحرية للطباعة، بغداد،١٩٧٩، ص٣٥–٣٧.

* دەشتێکی پان و بەرفراوانە لادێکانی ناحیەی قوشتەپەو دیبەگە و گوێرو قەزای مەخمور دەگرێتەوە، کە بریتیە لە دەشتی قەراج و کەندێناوەو شەمامك و پشت ڕێ (سەروی ڕێگای کەرکوك–هەولێر)، هەر دوو زێی گەورەو بچوك نێوانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای دەکێشێت.مەهدی محەمەد قادر: پێشهاتە سیاسیەکان، ل٢٤١.

(٥) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ حەسەن تەها فەتاح، ٦ی حوزەیرانی ٢٠١١، هەولێر، ناوبراو ساڵی ١٩٢٩ لە گوندی قازیخانەی سەر بە ناحیەی قوشتەپە لە دایکبووە، لە ناوەڕاستی چلەکانەوە تێکەڵ بە کاری سیاسی بووەو پەیوەندی کردووە بە حیزبی شیوعی عێراقەوە، یەکێك بووە لە پێشەوایانی ڕاپەڕینی جوتیارانی ساڵی ١٩٥٣ی دەشتی هەولێر، ئێستا لە هەولێر نیشتەجێیە" چاوپێکەوتنێك لەگەڵ عەزیز عوسمان قەرەنی، ٦ی حوزەیرانی ٢٠١١، هەولێر، ناوبراو لە ساڵی ١٩٣٠ لە گوندی قازیخانە لە دایکبووە، یەکێك بووە لەو جوتیارانەی بەشداری ڕوداوەکانی ڕاپەڕینی جوتیارانی کردووە، ئێستا لە هەولێر نیشتەجێیە.

دیموکراتی کوردستانیش لە دوای حیزبی شیوعی دەهات، کە لە ڕێگای بڵاوکراوەکانیەوە باسی لە گرفتەکانی جوتیاران و پێشێل کردنی مافەکانیانی دەکرد لە لایەن ئاغاکانەوە.[١]

سەبارەت بە دەستپێکردنی ڕاپەڕینەکە سەرەتا لە گوندی قازیخانەوە دەستیپێکردو بواری ڕەخساند بۆ تەقینەوەو دروستبوونی ڕاپەڕینی جوتیاران بە ڕوی ئاغاکان دا، بەرامبەر بەو ستەمە زۆر و جۆراوجۆرانەی لە جوتیارانیان دەکرد.[٢] چونکە جوتیارانی دەشتی هەولێر زەویەکانیان بە پارچەی بچوك بچوکەوە لە لایەن ئاغاکانەوە پێدەدراو سەرەڕای ئەوەش بە سیستەمی بەش وەرگرتن (نظام المحاصصة) دەیانچەوساندنەوە، جگە لەوەی جۆرەها باج و کاری بێگاریشیان بە سەریاندا سەپاندبوو.[٣] لە ئەنجامدا لە بەهاری ساڵی ١٩٥٣ جوتیارانی گوندی قازیخانە لە ناو خۆیاندا کۆ دەبنەوەو سوێند دەخۆن و بەڵێن بە یەکتری دەدەن، کە (خێرمان خێر و شەڕمان شەڕ بێت) لە بەرامبەر نەدانی ئەو باجە تازەیەی کە لە لایەن (حوسێن مەلا) ئاغای گوندەکەیانەوە دەخرێتە سەریان، کاتێك داوای گەنمێکی زۆریان لێدەکات بۆ تێچونی ئەو سەردانەی بۆ ئەستەنبولی دەکات بە مەبەستی چارەسەر کردنی نەخۆشی.[٤]

بەڵێنی جوتیارانی گوندی قازیخانەو هەوڵدان بۆ ڕزگاربوون لە زوڵم و ستەمی ئاغا بە گوندەکانی دەوروبەردا بڵاو دەبێتەوە، چەند گوندێکی تر سوێند دەخۆنو ڕاپەڕینی جوتیاران دەستپێدەکات لە دژی زوڵم و ستەمی ئاغاکانی ناوچەکە.[٥] لەو ڕاپەڕینەدا ژمارەیەکی زۆر لە گوندەکانی دەشتی هەولێر بەشداری تێدا دەکەن و دژی دەرەبەگەکان ڕادەپەڕن.[٦]

سەبارەت بە ڕۆڵ و بەشداری کردنی ژنی کورد لە ڕاپەڕینی جوتیارانی دەشتی هەولێر لە ساڵی ١٩٥٣دا، ڕۆڵێکی بەرچاویان گێڕاوەو شانبەشانی جوتیاران بەرگریان لە بەرژەوەندی و مافی زەوتکراوی خۆیان کردووە، چونکە ژنی کورد وەك باوك و براو پیاوە جوتیارەکەی ڕەنج خوراوی داروەستەی ئاغا بوەو لە ژیانی ئابوری خراپدا گوزەرانی کردووە، بە هۆی ئەو باج و سەرانە زۆر و جۆراوجۆر و بێ سنورانەی بە سەریاندا سەپێنرابوو.

ژنە جوتیارەکانی دەشتی هەولێر سەرەڕای ئەوەی کە بۆخۆیان ئەرك و باری قورسی ژیانی ڕۆژانەیان لە سەر بوو، وەك سەرجەم ژنانی کورد لە لادێ و ناوچەکانی تری کوردستاندا، کەچی خزمەتکاریی و بێگاریی ماڵی ئاغاشی لەسەر بوو کە هەندێکیان کاری ڕۆژانە بوون، وەك گسك لێدان و پاککردنەوەی ماڵی ئاغا کە بە زۆری ئەم کارە دابەش دەکرا لە نێوان

---

[١] اسماعیل شکر رسول:اربیل دراسة تأریخیة في دورها الفکري والسیاسي ١٩٣٩-١٩٥٨، السلیمانیة، ٢٠٠٥، ص٣١٤-٣١٥" مەهدی محەمەد قادر:پێشهاتە سیاسییەکان،ل٢٤٣.

[٢] اسماعیل شکر رسول: م. س، ص٣١٩، چاوپێکەوتنێك لەگەڵ حەسەن تەها فەتاح، ٦ی حوزەیرانی ٢٠١١، هەولێر، چاوپێکەوتنێك لەگەڵ عەزیز عوسمان قەرەنی، ٦ی حوزەیرانی ٢٠١١، هەولێر .

[٣] حەسەن تەها، سەلیم شێخ محەمەد، بابا عەلی جەباری:ڕاپەڕینی جوتیارانی دەشتی هەولێری ساڵی ١٩٥٣وەکو خۆی، هەولێر، ٢٠٠٢، ل٨.

[٤] چاوپێکەوتنێك لەگەڵ حەسەن تەها فەتاح، ٦ی حوزەیرانی ٢٠١١، هەولێر؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ عەزیز عوسمان قەرەنی، ٦ی حوزەیرانی ٢٠١١ ، هەولێر؛ مەهدی محەمەد قادر: پێشهاتە سیاسیەکان ، ل٢٤٥-٢٤٦.

[٥] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی روداوەکانی ڕاپەڕینی جوتیاران و قورسایی و دەرەنجامی ڕاپەڕینەکەو هەڵوێستی حکومەت لەو بارەیەوە بروانە.حەسەن تەهاو ئەوانی تر،س.پ، ل٨-٩١؛ اسماعیل شکر رسول: م. س، ص٣١٧-٣٢٣؛ مەهدی محەمەد قادر: پێشهاتە سیاسیەکان، ل٢٤٣-٢٥٢.

[٦] سەرچاوەکان بە شێوەی جیاواز باس لە ژمارەی گوندەکان دەکەن بە جۆرێك لە نێوان (٢٠-٢٠٠-٣٠٠) گوند ئەژماری دەکەن، بروانە: کاوس قفطان: الحرکة القومیة التحرریة الکردیة في کردستان العراق ١٩٥٨-١٩٦٣، ط١، مطبعة وزارة الثقافة، السلیمانیة، ٢٠٠٤، ص٣٥؛ اسماعیل شکر رسول:م.س، ص٣١٨؛ مەهدی محەمەد قادر: پێشهاتە سیاسیەکان، ل ٢٤٧؛ لیث عبدالحسن جواد الزبیدي: م .س، ص٣٦.

ماڵەكانی لادێكەدا و هەر ڕۆژەی نۆرەی ژنی ماڵێك یان چەند ماڵێك بوو، هەروەها ئاوكێشان و داركێشان بە شان و نان كردن بە سێرو ئاگر و چەندین كاری تری ماڵی ئاغا لەچوارچێوەی كاری ڕۆژانەدابوون، جگە لە هەندێك كاری وەرزی هەبوو وەك ساوار كوڵان كە ڕۆژێك یان زیاتری دەخایاندو ژمارەیەكی زۆری ژنی لادێكە لە بەیانی تا ئێوارە بە زۆر كاری پێدەكرا بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم كارە، هەروەها سواغدانی خانوی ماڵی ئاغاو مەڵۆ كۆكردنەوە، بە تایبەت كاتێك پیاوان دەبران بۆ درەوی ماڵی ئاغا زۆر جاران دەبوایە ژنیش بەرن بۆ مەڵۆ كۆكردنەوە و كێشانەوەی بۆ شوێنی كوتان.[١]

ژنان جگە لەو كارانەی كە باسمانكردن، لە ڕۆژانی ئاهەنگ گێڕان لە گوندەكاندا كاتێك ماڵێك بوكی دەگواستەوە، دەبوایە ژن و كچی جوتیارەكان بچنە ئەو ئاهەنگەو شایی و هەڵپەڕكێ بكەن، بۆ ئەوەی ئاغا و كوڕەكانی و پیاو و دەستوپێوەندەكانی بە بەردەوام ژنان لە دەستیانەوە شایی بكەن، بێ گومان ئەو كارە بەردەوامەی ئاغاكان ئازارێكی گەورەی دەروونی بۆ ژنان و پیاوانی جوتیارەكان دروستكردبوو، چونكە جگە لەوەی بە زۆر و بێ خواستی خۆیان ئەم كارەیان پێ دەكرا، بە دەستدرێژی كردنە سەر كەسایەتی و ئەخلاقیش لە لایەن ژنانەوە سەیر دەكرا.[٢]

لە ئەنجامی ئەو ستەمانەی ئاغا بەرامبەر بە ژنان و چەوساندنەوەو بە كەم سەیر كردنیان بە بەراورد لەگەڵ ئاغاژن و كچ و خوشكی ئاغا لە گوندەكان دەكرا، لەگەڵ ئەو بارە گشتییەی سەرجەم جوتیاران بە ژن و پیاوەوە تێی كەوتبوون، ژنان لە سەرجەم ڕوداوەكانی ڕاپەڕیندا بەشداریان كرد. لە هەندێك گوندا ژنان چەكیان هەڵگرتووەو بەرامبەر ئاغا وەستاونەتەوە، بۆ داكۆكیكردن لە بەرژەوەندی چینایەتی خۆیان و جوتیاران.[٣] ئەمە جگە لەوەی ژنان لەگەڵ پیاوان دا بە شەوان پاسەوانی ماڵ‌و خێزانەكانیان دەكرد و هەندێك جار ئاڵوگۆڕی پاسەوانیەتیان دەكرد و بە نۆرە دەخەوتن، لە ترسی دەستدرێژی كردنی پیاوانی ئاغا بۆ تۆڵە سەندنەوە لە كاتی ڕاپەڕینەكەدا.[٤]

نمونەیەك لە خەباتی ژنە جوتیارەكانی دەشتی هەولێر ژنانی گوندی قازیخانە بوون لە ڕۆژانی ڕاپەڕینەكەدا، لەو كاتەی ئاغای گوندی قازیخانە (حوسێنی مەلا) دەیەوێت زەوی جوتیارە گیراوەكان بكێڵێت، بۆ ئەم مەبەستە تراكتۆرێك دەنێرێت بۆ كێڵانی زەوییەكان، بەڵام ژنانی گوندی قازیخانە كۆ دەبنەوەو بڕیار دەدەن نەهێڵن ئاغا ئەو زەویانە بكێڵێت. بۆ ئەم مەبەستە ژمارەیەكی زۆر لە ژنانی گوندەكە هێرش دەبەنە سەر شۆفێری تراكتۆرەكە، بە دارو بەردو خاكەنازو شەنەوە،

______________

[١] چاوپێكەوتنێك لەگەڵ فاتیمە عەلی عەزیز، ٢٢ی تەمووزی ٢٠١١، هەولێر، ناوبراو ساڵی ١٩٢٧ لە گوندی قازیخانە لە دایكبووە، بەشداری لە سەرجەم ڕوداوەكانی ڕاپەڕینەكەدا كردووە، چونكە كەسێك بووە لە ناو زوڵم و ستەمەكانی ئاغای گوندەكەیان ژیاوە ویەكێك بووە لەوژنانەی سوخرەی بەزۆرپێكراوە. ئێستا لە هەولێر نیشتەجێیە؛ چاوپێكەوتنێك لەگەڵ عەزیزعوسمان قەرەنی، ٦ی حوزەیرانی٢٠١١، هەولێر.

[٢] چاوپێكەوتنێك لەگەڵ زرێخ حەمەدەمین تەها، ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠١١، هەولێر، ناوبراو ساڵی ١٩٣٣ لە دایك بووە، یەكێكە لەو ژنانەی ستەم و دەستدرێژییەكانی ئاغای بە چاوی خۆی بینیوە، بۆیە لە ڕۆژانی ڕاپەڕیندا یەكێك بووە لەو ژنانەی لەگەڵ پیاوان ڕوبەڕوی ئاغا بۆتەوەو بەشداری سەرجەم چالاكییەكانی جوتیارانی كردووە لە دژی ئاغاكان بە تایبەتی لە گوندی قازیخانە، ئێستا لە هەولێر نیشتەجێیە" چاوپێكەوتنێك لەگەڵ كاكل محەمەد تاهیر، ناسراو بە(مامۆستا بەهرام)، ٦ی حوزەیرانی ٢٠١١، هەولێر، ناوبراو ساڵی ١٩٥٠ لە دایك بووە، دەرچوی پەیمانگای مامۆستایانەو ئێستا لە هەولێر مامۆستایە، ئەندامی دەستەی نوسەرانی گۆڤاری هەرێمی كوردستانە، لە بەر ئەوەی كوڕە جوتیارێكی گوندی قازیخانەی دەشتی هەولێرە بەردەوام خەریكی كۆكردنەوەی زانیارییە لە مەڕ ڕاپەڕینی جوتیارانەوە، ئێستا لە هەولێر نیشتەجێیە؛ چاوپێكەوتنێك لەگەڵ بەسێ قادر حەسەن، ٢٠ی حوزەیرانی ٢٠١١، هەولێر.

[٣] ڕاپەڕینەكەی جوتیارانی دزەیی لاپەڕەیەكی گەشەدارە لە تێكۆشانی گەلەكەماندا، گۆڤاری (بیری نوێ)، ژ(١٨٥)، ١٩٧٦، ل٧؛ مەهدی محەمەد قادر: پێشهاتە سیاسیەكان، ل٢٥٤.

[٤] چاوپێكەوتنێك لەگەڵ بەسێ قادر حەسەن، ٢٠ی حوزەیرانی ٢٠١١، هەولێر؛ چاوپێكەوتنێك لەگەڵ عەلی حەمەدەمین تەها، ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠١١، هەولێر، ناوبراو لەدایكبووی ساڵی ١٩٢٩ی گوندی قازیخانەیە، یەكێكە لە بەشداربوانی ڕاپەڕینی ناوچەكە، ئێستا لە هەولێر نیشتەجێیە.

پاش ئەوەی لە شۆفێری تراکتۆرەکە دەدەن ناچار دەبێت زەوییەکە جێبهێڵێت و بەرەو دیوەخانی ئاغا هەڵبێت، لە دیارترین ئەو ژنانەی کە ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە(ئامینە قادر حەسەن، زرێخ حەمەدەمین تەها، فاتیمە عەلی عەزیز، زاریٚ عەزیز، عایشە اسماعیل، زولێخا وەسمان قەرەنی،خەجیجە سالح ئەمین، ئامینە ئەحمەد، هاجەر محەمەد کوێخا، خەجیجە ئومەر، ئامینە عەولاَ سلیمان،....) چەندانی تر بوون.[١] بەڵام ئاغای گوندەکە بەوە نەوەستا، بەڵکو بۆ جاری دووەم تراکتۆرەکەو ئەو هێزە پۆلیسەی لە قازیخانە جێگیر کرابوو بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی جوتیاران، ناردەوە بۆ کێڵانی زەوییەکە، بەڵام ئەمجارەشیان ژنان هێرشیان بۆ هێنان و هەڕەشەیان لە پۆلیسەکان کرد بۆیە هێزە پۆلیسەکە پاشەکشەیان کردو ئاغاش وازی لە کێڵانی زەوییەکە هێنا.[٢] لە بەر ئەوەیە دەوترێ ژنە جوتیارەکانی ناوچەی دزەیی ئازایانە بەرەنگاری پۆلیس بوونەتەوە.[٣]

کاتێك ئاغا هەستی بەو بەرەنگارییە گەورەیە کرد، بە هۆی داواکردنی لە موتەسەریفی هەولێر توانی فەرمانی دەرکردنی چەند ماڵە جوتیارێك لە گوندی قازیخانە دەربکات، بەڵام ژنان بەرامبەر بەم فەرمانە بێ دەنگ نەبوون، لە بەیانیەکی مانگی تشرینی دووەمی ١٩٥٣دا، ژمارەیەکی بەرچاو لە ژنانی ئەم گوندە دەچنە سەر ڕێگەی (هەولێر–کەرکوك) و هەندێك بە پێیان و هەندێکیش لە ڕێگادا سواری ئۆتۆمبێل دەبن، بەرەو هەولێر بەڕێ دەکەون بە مەبەستی بینینی موتەسەریفو دەربڕینی نارەزایی، ئەگەرچی لە کاتی نیوەڕۆدا دەگەنە بەر ماڵی موتەسەڕیف و داوای بینینی دەکەن، بەڵام لەلایەن پۆلیسەو ڕێگای بینینی موتەسەڕیفیان پێ نادرێت، بۆیە ئەوانیش دەست دەکەن بە توندوتیژی و هێرشکردنە سەر پۆلیس و زیان گەیاندن بە باخچەو ماڵی موتەسەریف، بەڵام بێ سوود دەبێت و ئێوارە بێ هیچ ئەنجامێك بڵاوەی لێ دەکەن.[٤]

شایانی باسە لەم ڕاپەڕینەدا، ژنە جوتیارەکان نەك بە تەنها لە گوندی قازیخانەدا ڕۆڵی بەرچاویان گێڕابێت. بەڵکو لە گوندەکانی تری دەشتی هەولێردا بە هەمان هەڵوێست پشتیوانی برا جوتیارەکانیانو مافە ڕەواکانی خۆیان کردووە.[٥]

یەکێکی تر لە نمونە زیندووەکانی ژنان لە ڕۆژانی ڕاپەڕین دا ئەوە بوو کە (فاتمە قادر شێروانی) لە گوندی (قەپلان)ی سەر بە ناحیەی دیبەگە، کاتێك تەنها سێ ڕۆژ بە سەر دەستگیر کردنی ژمارەیەك لە پیاوانی گوندەکەیان تێپەڕ بووە، کە یەکێك لەوانە هاوسەرەکەی بووە (مەلا محەمەد شێروانی) مەلای گوندی قەپلان، لە کاتێکی عەسردا موتەسەریفی

---

[١] چاوپێکەوتنێك لەگەڵ بەسێ قادر حەسەن، ٢٠ی حوزەیرانی ٢٠١١، هەولێر؛چاوپێکەوتنێك لەگەڵ زرێخ حەمەدەمین تەها، ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠١١، هەولێر؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ فاتیمە عەلی عەزیز، ٢٢ی تەمووزی ٢٠١١، هەولێر؛ چاوپێکەوتنێکی تۆمارکراو لەگەڵ ئامینە قادر حەسەن، ١٣ی ئابی ٢٠٠٣، هەولێر، ناوبراو لەساڵی ١٩٣٤ لە گوندی قازیخانە لە دایك بووە، بەشداری سەرجەم ڕوداوەکانی ڕاپەڕینی جوتیارانی کردووە، ئێستا لە ژیاندا نەماوە؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ حەسەن ئیسماعیل قادر، ٢١ی تەمووزی ٢٠١١، هەولێر، ناوبراو لە ساڵی ١٩٢٥ لە گوندی قازیخانە لە دایك بووە، لە کاتی ڕوداوەکانی قازیخانە لە ناو گوند بووەو بەشداری ڕاپەڕینەکەی کردووە، ئێستا لە هەولێر نیشتەجێیە.

[٢] چاوپێکەوتنێك لەگەڵ حەسەن تەها فەتاح، ٦ی حوزەیرانی ٢٠١١، هەولێر؛ ڕاپەڕینەکەی جوتیارانی دزەیی لاپەڕەیەکی گەشەدارە...، ل٧.

[٣] عالیە عەبدولکەریم: خەباتی ئافرەتی کورد، گۆڤاری(هیوا)، ژ(٩–١٠)، نیسان و مایسی ١٩٥٩، ل٧٢.

[٤] چاوپێکەوتنێك لەگەڵ بەسێ قادر حەسەن، ٢٠ی حوزەیرانی ٢٠١١،هەولێر؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ حەسەن ئیسماعیل قادر، ٢١ی تەمووزی ٢٠١١، هەولێر؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ زرێخ حەمەدەمین تەها، ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠١١، هەولێر؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ فاتیمە عەلی عەزیز،٢٢ی تەمووزی ٢٠١١، هەولێر.

[٥] اسماعیل شکر رسول: م. س، ص٣١٩.

هەولێر و بەڕێوەبەری پۆلیس و قایمقامی مەخمورو بەڕێوەبەری ناحیەی دیبەگە دەچنە گوندی قەپلان و خەڵکی گوندەکە کۆ دەکەنەوە بە مەبەستی کپکردنەوەو لەناوبردنی ڕاپەڕینەکە، موتەسەریف قسە بۆ خەڵکەکە دەکات، ڕاپەڕینەکە بە یاخی بوون لە قەڵەم دەدات و بە سوکایەتی باسی جوتیاران و گیراوەکان دەکات، هیچ یەکێ لە پیاوە جوتیارەکان ناوێرن قسە بکەن تا (فاتمە قادر شێروانی) هەڵدەستێ و دەڵێت:"سەیرە ئەمڕۆ دەبینم زاڵم وا لە دەرەوەیە و کەچی مەزلۆم لە بەندیخانەیە، زاڵم ئاغایە کە زوڵم لە جوتیار دەکات، ئێوەش دەڵێن دەوڵەت باوکی میللەتە، ئێوە چۆن باوکێکن ئەو جۆرە حوکمە دەدەن"، شایانی باسە لە سەر ئەم قسەیە بۆ ڕۆژی دواتر دەسگیر دەکرێت، ئەویش کوڕە دە ساڵەکەی بە ناوی (جواد محەمەد شێروانی) لەگەڵ خۆی دەبات و ئەم بەند کردنە دوو ڕۆژ دەخایەنێ.[1] دەتوانین بڵێین ژنانی دەشتی هەولێر لەڕۆژانی ڕاپەڕین و هێرش کردنەسەر دەرەبەگ و بەرگری کردن لەمافەکانیان هاتونەتە دەست وشان بەشانی پیاوان ڕۆڵیان لەڕوبەڕووبونەوی ئاغاکاندا هەبووەو داوای مافی زەوتکراوی خۆیان کردووە.

## باسی چوارەم:
## ڕووداوی هێنانەوەی تەرمی شێخ مەحمود بۆ سلێمانی ١٩٥٦

لە ساڵی ١٩٥٦دا کۆچی دوایی (شێخ مەحمودی حەفید) جگە لەوەی هەستی کوردی لە هەموو شوێنێکی کوردستاندا بە توندی بزواند، لە هەمان کاتدا ڕووداوێکی جەماوەری بەهێزی لێکەوتەوە لە شاری سلێمانی دا کە ژنانی کورد لە سلێمانی دا بەشێکی کاریگەرو دروستکەری ئەو ڕووداوە جەماوەرییە بوون.

لە شەوی ١٩٥٦/١٠/٩دا (شێخ مەحمود) لە نەخۆشخانەی (حەیدەریە) لە بەغدا کۆچی دوایی کرد، بۆ بەیانی ئیستگەی عێراق مردنی شێخ مەحمودی بڵاو کردەوە، لە هەمان ڕۆژدا کاتژمێر نۆ و نیوی بەیانی تەرمەکەی لە بەغداوە بەڕێکەوت و لە کاتژمێر ٧ی ئێوارە گەیشتەوە شاری سلێمانی، لە شاری سلێمانی دا ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە ژن و پیاو کە بەشێکی زۆری دانیشتوی سلێمانی بوون و هەندێکیشیان لە شار و شارۆچکەکانی تری کوردستانەوە هاتبوون و لە پێشوازی تەرمی (شێخ مەحمود)دا بوون.[2] کاتێك تەرمی شێخ مەحمود گەیشتەوە سلێمانی خەڵکی بە پیاو و ژنەوە تەرمەکەیان بەرەو بەندیخانە برد کە ئەوکات (شێخ لەتیف کوڕی شێخ مەحمود) لە بەندیخانە بوو، بە مەبەستی بینینی تەرمی باوکی، بەڵام پۆلیس تەقەیان لە خەڵکی کرد بە مەبەستی بڵاوەپێکردنیان، لە ئەنجامدا بە هۆی زۆری ژمارەی ژنەکانەوە ژنێك بە ناوی (ئەختەر)* گوللەیەکی بەرکەوت و کوژرا.[1] ئەمەش بەڵگەی بەشداریکردنی ژنی کوردە لە جوڵانەوە جەماوەری و سیاسیەکاندا .

---

[1] چاوپێکەوتنێك لەگەڵ جواد محمد شێروانی، ١٧ی حوزەیرانی ٢٠١١، هەولێر ناوبراو ساڵی ١٩٤٤ لە دایك بووە، یەکێك بووە لەو کەسانەی لە ڕۆژانی ڕاپەڕین و هاتنی موتەسەریف بۆ گوندەکەیان و مانەوەی دایکی لە بەندیخانە لەگەڵ دا بووە، ساڵی ١٩٦٩–١٩٧٠ کۆلێژی ئاداب–بەشی کوردی زانکۆی بەغدای تەواو کردووە. ئێستا خانەنشینە و لە هەولێر نیشتەجێیە؛ جواد محمد شیروانی: بە بۆنەی تێپەڕ بوونی ٤٦ ساڵ بە سەر بزاڤی جوتیارانی دەشتی هەولێر و کەندیناوە، ل٤، دەسنوس، باسێکی بڵاونەکراوەیە، (لای نوسەر خۆیەتی).

[2] جەمال بابان: سلێمانی شارە گەشاوەکەم، ب٢، ل١٩١–١٩٢؛عەلائەدین سەجادی: شۆڕشەکانی کورد وە کوردوکۆماری عێراق،چاپخانەی ئەتڵەس چاپ،تاران،٢٠٠٥، ل١٣٩–١٤٢.

*ئەختەر کچی صالح مەحمودە، لە ساڵی ١٩٢٩ لە سلێمانی لە دایك بوە، ژنی (ڕەشۆل عەبدوڵلا)ی هونەرمەند و گۆرانی بێژی کوردە، هیچ منداڵی نەبوە، لە کاتی هاتنەوەی تەرمەکەی شێخ مەحمود کاتێك لە بەردەم بەندیخانەدا داوا دەکرێت شێخ لەتیف تەرمی باوکی ببینێت و

ڕۆژی دوای ناشتنی تەرمەکەی شێخ مەحمود، حکومەت بۆ کپکردنەوەی بارودۆخەکەو تۆڵە سەندنەوە لە هەندێك کەسایەتی کەوتە ئازاردانی خەڵکی، لەم هەڵمەتەشدا ژنان بەدەر نەبوون، ئەوە بوو (بەهیە مەعروف)[**] لە لایەن پۆلیسەوە بانگێشت دەکرێت و پاش ئەوەی بە سوکایەتیەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، دەنێردرێت بۆ لای موتەسەریفی سلێمانی (عمر علی) و ئەویش تاوانباری دەکات بەوەی کە لە کاتی هاتنەوەی تەرمەکەی شێخ مەحمود و کۆبوونەوەی خەڵکی و دروستبوونی گرفتەکان، مامۆستا (بەهیە مەعروف) بەردی گرتۆتە ماڵی موتەسەریف و وەك سزادانێك بە زۆرەملێ دەیگوازێتەوە بۆ (ماوەت) لە کاتێکدا کە لە سلێمانی دا مامۆستا بوو.[(٢)] کەواتە ژنی کورد وەك پێشوازی ودواتریش وەك روداوی سیاسی بەشداریانکرد.

پۆلیسەکان ڕازی نابن، ئەختەر بەردێك لە سینگی پۆلیسێك دەدات، ئەویش دەست دەکات بە تەقە کردن و هەر ئەو شەوە لەوێ ئەختەر دەکوژرێت. عەقیلە ڕەواندزی:یادوئافەرین،چ١،هەولێر،٢٠٠٥، ل٤٢–٤٣.

[(١)] چاوپێکەوتنێك لەگەڵ ئەنجوم محمەد زوهدی(ئەنجوم زوهدی) لە ١٤ی حوزەیرانی ٢٠١١، سلێمانی، ناوبراو لە ساڵی ١٩٣٤ لە سلێمانی لە دایك بووە، لە ساڵی ١٩٤٨ پەیوەندی بە حیزبی شیوعییەوە کردووە و چەندین چالاکی سیاسی و نهێنی لە سەردەمی پادشایەتی دا بۆ حزب ئەنجامداوە، لە ساڵی ١٩٥٤دا (دار المعلمات)ی لە بەغدا تەواو کردووە و وەك مامۆستا لە سلێمانی دامەزراوە، لە ساڵی ١٩٥٨دا یەکێك بووە لەو ژنانەی بە لیژنەیەك چونەتە لای سەرۆك (عبدالکریم قاسم) بۆ ئەوەی بە ڕەسمی دان بە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان دابنێت. لە ساڵی ١٩٥٩وە بوە بە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان و چەندین پلەی سیاسی بڕیوە. لە ساڵی ١٩٨٤ خانەنشین بووە، ئێستا لە سلێمانی نیشتەجێیە.

[**] بەهیە کچی شێخ مەعروف کچی شێخ ئەحمەدی ڕەسوڵی پلاوخۆرە، لە ساڵی ١٩٢٤ لە سلێمانی لە دایك بوە، لە ساڵی ١٩٤٣ خانەی مامۆستایانی لە بەغدا تەواو کردوەو هەر لەو ساڵەدا بووە بە مامۆستا، لە ساڵی ١٩٢٨وە تێکەڵاوی کاری سیاسی و کوردایەتی بوە لەو کاتەوەی لەگەڵ (حەلاوە خانی کچی شێخ مەحمود) سوێند بە خواو ئاڵای کوردستان دەخۆن کە خیانەت لە نیشتمان نەکەن و بە دڵسۆزی کاری بۆ بکەن. ، بەهیە مەعروف بەرزنجی: هەندێك لە بیرەوەریەکانی بەهیەی شێخ مارفی شێخ ئەحمەد (بەهیە مەعروف بەرزنجی)، ئامادە کردنی (لوتفیە ابراهیم)، چ١، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٢، ل٣٢.

[(٢)] بەهیە مەعروف بەرزنجی:س.پ، ل١٣–٢٣.

# ئەنجامەکان

ئەو ماوە مێژووییەی لە دوو توێی ئەم بابەتەدا دیاریمانکردووە، کە ڕۆڵی ژنی کوردی لەڕووداوە سیاسی و جەماوەریەکانی باشوری کوردستاندا تێدا باس بکەین (١٩٢١–١٩٥٨)، جگە لەوەی قۆناغێکی مێژوویی گرنگی باشوری کوردستانە لە هەموو ڕوێکەوە، بەڵام سەبارەت بەژنی کوردیش گرنگیو تایبەتمەندی دیاریکراوی خۆی هەیە، لەبەر ئەوە لەم بابەتەدا بەچەند ئەنجامێك گەیشتین کە گرنگترینیان لەم خاڵانەدا دەخەینەڕوو:

١. ئەو ماوە مێژووییە بەسەرەتای تێکەڵاوبوونی ژنان بەکاری سیاسی دادەنرێت، لەبەر ئەوەی لە پێشتردا هیچ ڕوداوێکی سیاسی و جەماوەری نەبووە، کە ژنان بەشێوەی کۆمەڵ کارو چالاکی تێدا ئەنجام بدەن، بەڵکو تەنها چەند کەسایەتییەکی هەڵکەوتوو هەبوونو لە سەرچاوەکاندا ناویان هاتووە، وەك (عادیلەخانی جاف و حەپسەخانی نەقیب) کە لە زۆر ڕوداوی سیاسی دا پێگەی بەهێزیان هەبووە.

٢. ژنی کورد لەو ڕوداوە سیاسیو جەماوەرییانەی لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٢١–١٩٥٨ دا لە باشوری کوردستان دا ڕویانداوە، توانیویانە بە جۆرێك لە جۆرەکانو بە شێوەی جیاواز بەشداری تێدا بکەن، هەندێك لەو ڕوداوە سیاسیو جەماوەرییانە کەلە شارو شارۆچکەکانی باشوری کوردستاندا ڕوویانداوە تەنها خۆی لە خۆپیشاندانی جەماوەری و ڕژانەسەر شەقامەکاندا بینیوەتەوەو ژنانیش شان بەشانی پیاوان ڕژاونەتە سەر شەقامەکان و ماف و داواکاریەکانیان بەرز کردۆتەوە.

٣. ژنی کورد ئەگەر بەشێوەیەکی ڕێژەیش بێت بەڵام توانیویانە بەکردار بەشداری لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەوکەسانەدا بکەن کە ویستویانە ماف و ژیانیان لێ داگیر بکەن،بۆنمونە لە ڕاپەڕینی بەردەرکی سەرای سلێمانی و ڕاپەڕینی جوتیارانی دەشتی هەولێر لە دژی ڕژێمی دەرەبەگایەتی.

٤. لەئەنجامی بەشداری کردن لەو ڕووداوو ڕاپەڕینانەدا زۆرجار ژنی کورد ڕووبەڕووی دەسگیرکردن و تەنانەت هەندێك جار شەهید بونیش بۆتەوە وەك (ئەختەری خێزانی ڕەشۆڵی گۆرانی بێژ) کە لەڕووداوی هێنانەوەی تەرمی شێخ مەحمود بۆ سلێمانی کوژرا.

## ملخص البحث

## دورالمرأة الكردية في الاحداث السياسية والجماهيرية في جنوب كردستان ١٩٢١-١٩٥٨.

نتناول هذا البحث:(دور المرأة الكردية في الاحداث السياسية والجماهيرية في جنوب كردستان للفترة مابين ١٩٢١– ١٩٥٨)،تعد هذه الفترة من الفترات التاريخية المحددة والمهمة حول الجانب السياسي للمرأة الكردية في جنوب كردستان.

لأنة هذه الفترة بداية مشاركة المرأة في الاحداث السياسية والجماهيرية على شكل مجموعات، لآن فترة مابين (١٩٢١–١٩٥٨) شهد العديد من الاحداث السياسية والجماهيرية في المناطق المختلفة من جنوب كردستان. ورغم الظروف الاجتماعية المختلفة فأن المرأة الكردية قد شاركت ولو نسبيا في العديد من هذه الاحداث وكانت لها دور فيها.

ان اهمية هذه المرحلة التاريخية من الناحية السياسية للمرأة الكردية في جنوب كردستان، وقد اتسم هذه الفترة بندرة المعلومات في هذا الجانب وقد دفعنا هذا ان نتخذ من هذا العنوان موضوع بحثنا وان نحاول تحليل دورالسياسي للمرأة الكردية بشكل اكاديمي، وان نستعرض المعلومات الضرورية للقارئ الكردي والمكتبات في كردستان التي تعانى من الفراغ التام في هذا الناحية.

لقد حاولنا في هذا البحث ان نلتزم بمنهج البحث العلمي التاريخي للوصول الى ادق المعلومات عن حقيقة الاحداث والدورالسياسي للمرأة الكردية في هذه الفترة.

ومن اهم هذه الاحداث انتفاضة ٦ ايلول عام ١٩٣٠ امام باب السراى، واضراب (كاورباغى) في كركوك عام ١٩٤٦، وانتفاضة الفلاحين في سهل اربيل عام ١٩٥٣، واحداث اعادة جثمان الشيخ محمود الى السليمانية عام ١٩٥٦، الذي كان للمرأة الكردية مشاركة واضحة وفعالة في هذه الاحداث.

وفي الختام نرجو ان نكون قد استطعنا بهذا الجهد المتواضع ان سلطنا الضوء على هذا الجانب المخفي من التاريخ الكردي والذي لم يحظى لحد الان الا بقليل من المعلومات . لانه على الرغم من ان المرأة الكردية لها مشاركات واسعة في كافة الاعمال والانشطة وفي مختلف ميادين الحياة جنبا الى جنب مع الرجل ولكن لم تتم الاشارة في كثير من المصادر الى تلك الاعمال والانشطة ولا الى مكانتها .


ا

Abstract:

*the role of women is mentioned in political and popular events in southern Kurdistan from 1921-1958.*

is about a historical period which Kurdish women have played an active role politically in southern Kurdistan.Politically, that period was a golden one for women participation in political and popular groups and activities. For this reason, between 1921-1958 a number of political and popular events occurred in different parts of Kurdistan. Kurdish women were able to play their roles in those events even though there were many factors limiting their roles.

The political importance of the period made us choose this title to clarify the vagueness surrounding women roles in that period. Here, we want to analyze their roles in with academic method as well as to fill this gap for Kurdish learners in this aspect, that is, to enrich Kurdish library.

we try to stick to the academic and historical principles of research so as to reach to accurate information over the events surrounding the position of women in the inidiated period

The political and popular events like September Uprising of 1930 in Sara Square, Gurubakhi Strike in Kirkuk in 1946, Peasant's Uprising in Hawler Plain in 1953, bringing back the dead body of Sheikh Mahmood in 1956 in all these events Kurdish women have played significant roles through their active participation.

Finally, we hope to shed light on some of the hidden aspects of Kurdish history which we do lack knowledge about it. Though Kurdish women have played active roles alongside men in all aspects of life, all the references we probe in barely mention women roles, their participation and position in those aspects of life.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: یاداشت و بیرەوەرییەکان:

احمد خواجه: چیم دی،ب٣،سلێمانی،١٩٧٠.

بەهیە معروف بەرزنجی: هەندێك لەبیرەوەریەکانی خاتو بەهیە شێخ مارفی شێخ ئەحمەد(بەهیە معروف بەرزنجی)، ئامادەکردنی لوتفیە ئیبراهیم، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٢.

درەخشان جەلال حەفید: کورتەیەك لەبزوتنەوەی ڕزگاری خوازی ئافرەتانی کوردستان و هەندێ لەبیرەوەریەکانم، چ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١٠.

مەلا عەبدوڵڵای زێوەر: گەنجینەی مەردان ویاداشتی ڕۆژانی دەربەدەری، ئامادەکردنی محەمەدی مەلا کەریم، مطبعة الادیب البغدادیە، بغداد، ١٩٨٥.

دووەم: نامە ئەکادیمیەکان:

دڵشاد مەحمود عەبدوڕەحمان: کەرکوك (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی دەربارەی ڕۆڵی سیایی و ڕۆشنبیری ١٩٣٢-١٩٥٨)، نامەی ماستەر، پێشکەشی بەشی مێژوو/ کۆلێژی ئەدەبیات/ زانکۆی سەلاحەدین/ هەولێر،کراوە، ٢٠٠٦ز.

### سێیەم: دەستنوسەکان:

**جواد محمد شێروانی:** بەبۆنەی تێپەڕبوونی ٤٦ ساڵ بەسەربزاڤی جوتیارانی دەشتی هەولێرو کەندێناوە، دەستنوس، باسێکی بڵاونەکراوە، (لای نوسەر خۆیەتی).

### چوارەم: کتێبەکان:

أ- بە زمانی کوردی

جەلال تاڵەبانی: کوردایەتی(بزوتنەوەی ڕزگاری نەتەوایەتی گەلی کوردستانە )، چ٣، ب. ش، ١٩٦٦.

جەمال بابان: سلێمانی شارەگەشاوەکەم، ب٢، چ١، دارالحریة **للطباعة**، بغداد، ١٩٩٨.

حەسەن تەها، سەلیم شێخ محەمەد، بابا عەلی جەباری: ڕاپەڕینی جوتیارانی دەشتی هەولێری ساڵی ١٩٥٣وەکو خۆی، هەولێر، ٢٠٠٢.

درەخشان جەلال حەفید (درەخشان شێخ جەلال حەفید زادە): ژیان و تێکۆشانی حەپسەخانی نەقیب، چ٢، چاپخانەو ئۆفسێتی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٨.

عەقیلە ڕەواندزی: یادو ئافەرین، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥.

عەلائەدین سەجادی: شۆڕشەکانی کورد وەکوردو کۆماری عێراق، ئامادەکردنی(ئەحمەد محەمەدی)، چاپخانەی ئەتلەس چاپ، تاران، ٢٠٠٥.

کەمال مەزهەر ئەحمەد: چینی کرێکارانی عێراق (دروست بوون و سەرەتای بزوتنەوەی)چ١، و (فواد مەجید میسری)، مطبعة الادیب، بغداد، ١٩٨٥.

کەمال مەزهەر ئەحمەد: کوردو کوردستان لەبەڵگەنامەنهێنییەکانی حکومەتی بەریتانیادا، ئامادەکردنی(عەبدوڵڵا زەنگەنەو شەهلا تاهیر حەیدەری، ب١، چ١، چاپخانەی گرین گالۆری، لوبنان، ٢٠٠٨.

محەمەد رسول هاوار (م. ر. هاوار): شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان،ب٢،لەندەن،١٩٩١.

مەهدی محەمەد قادر : پێشهاتەسیاسیەکانی کوردستانی عیراق١٩٤٥-١٩٥٨، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی ٢٠٠٥.

میرزا محمدامین مەنگوری: هەقائقی بەسەرهاتی شێخ محمود لەپەنای ئیستقلالی کوردا، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٣.

## ب- بەزمانی عەرەبی

أ. شاميلوف: حول مسالة الاقطاع بين الكرد، ت(كمال مظهر احمد)، مطبعة الحوادث، بغداد، ١٩٨٧.

اسماعيل شكر رسول: اربيل دراسة تاريخية في دوروها الفكري والسياسي ١٩٣٩- ١٩٥٨، مطبعة بينايي، السليمانية، ٢٠٠٥.

باقر امين الورد: اعلام العراق الحديث ١٨٦٩-١٩٦٩، ج١، مطبعة الميناء، بغداد، ١٩٧٨.

جعفر عباس حميدي: التطورات السياسية في العراق ١٩٤١- ١٩٥٣، مطبعة النعمان، النجف، ١٩٧٦.

جلال الطالباني : كردستان و الحركة القومية الكردية، ط٢، دارالطليعة للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٧١.

جلال الطالباني : حول القضية الكردية في العراق، ط٢، دار ارارات للثقافة والنشر، بيروت، ١٩٩٦.

جمال بابان: اعلام كرد العراق، مطبعة شفان، سليمانية، ٢٠٠٦.

حنا بطاطو: العراق، الكتاب الاول، الطبقات الاجتماعية الحركات الثورية فى عهد العثمانى حتى قيام الجمهورية، ت(عفيف الرزان)ط١، تهران، ٢٠٠٥.

حنا بطاطو: العراق، الكتاب الثانى، الحزب الشيوعي، ت(عفيف الرزان)، تهران، ٢٠٠٥.

سروه اسعد صابر: كردستان الجنوبية١٩٢٦-١٩٣٩، دراسة تاريخية سياسية، مطبعة حمدي، السليمانية، ٢٠٠٦.

عبدالرزاق الحسني: تاريخ الوزارات العراقية، ج(٣)، ط٥، مطبعة دارالكتب، بيروت، ١٩٧٨.

عبدالرزاق الحسني: تاريخ الوزارات العراقية، ج(٧)، ط٥، مطبعة دارالكتب، بيروت، ١٩٧٨.

عبدالفتاح علي البوتاني: الحركة القومية الكوردية التحررية.. دراسات و وثائق، ط١، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ٢٠٠٤.

عثمان علي : دراسات في الحركة الكوردية المعاصر ١٨٣٣-١٩٤٦، مطبعة التفسير، اربيل، ٢٠٠٢.

عزيز الحاج: القضية الكردية في العشرينات، ط٣، مطبعة الانتصار، بغداد، ١٩٨٥.

عمر محمد محمد كريم: القضية الكوردية في سياسة الحكومات العراقية ١٩٣٢-١٩٤٥، مطبعة شفان، سليمانية، ٢٠٠٩.

كاوس قفطان: الحركة القومية التحررية الكردية في كردستان العراق ١٩٥٨-١٩٦٣، ط١، مطبعة وزارة الثقافية، السليمانية، ٢٠٠٤.

ليث عبدالحسن جواد الزبيري: ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ في العراق، دارالحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٩.

ليلاف حمدامين عزيز: الحقوق السياسية للكرد في الدولتي تضم كردستان، مؤسسة حمدي للطباعة، سليمانية، ٢٠٠٧.

محمد علي الصويركي: معجم اعلام الكرد في التاريخ الاسلامي والعصر الحديث في كردستان و خارجها، مطبعة حمدي، السليمانية، ٢٠٠٥.

نبيل عكيد محمود المظفري: دور النواب كركوك في مجلس النواب العراقي خلال العهد الملكي ١٩٢٥-١٩٥٨، مطبعة روز، كركوك، ٢٠٠٩.

نوشيروان مصطفى امين: كردستان العراق، عصر القلم والمراجعات ١٩٢٦–١٩٣١، ت(حمةصالح گلالي)، مراجعة وتقديم (رؤوف عثمان)، مطبعة خاك، سليمانية، ٢٠٠٠.

هيوا حميد شريف: توفيق وهبي حياته ودوره السياسي والثقافي، مطبعة شڤان، السليمانية، ٢٠٠٦.

**پێنجەم: وتار و توێژینەوە:**

عالية عبدولكەريم: خەباتی ئافرەتی کورد، گۆڤاری(هیوا)، ژ(٩،١٠)، نیسان ومايسى ١٩٥٩.

عالية عبدولكەريم: گۆڤاری (بیری نوێ)، ژ(١٨٥)، ١٩٧٦.

**نۆیەم: چاوپێکەوتنەکان:**

أ–ئةو ضاوثيَكةوتنانةى تويَذةر ئةنجاميداوة:

١. چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەنجوم محمد زوهدی (ئەنجوم زوهدی)، ١٤ی حوزەیرانی ٢٠١١، سلێمانی.

٢. چاوپێکەوتن لەگەڵ جواد محەمەد شێروانی، ١٧ی حوزەیرانی ٢٠١١، هەولێر.

٣. چاوپێکەوتن لەگەڵ حەسەن اسماعیل قادر، ٢١ی تەمووزی ٢٠١١، هەولێر.

٤. چاوپێکەوتن لەگەڵ حەسەن تەها فەتاح، ٦ی حوزەیرانی ٢٠١١ ، هەولێر.

٥. چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕەزا ساڵح کاکی زەنگەنە، ٩ی ئەیلولی ٢٠١١، کەرکوك.

٦. چاوپێکەوتن لەگەڵ زرێخ حەمەدەمین تەها، ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠١١، هەولێر.

٧. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەزیز عوسمان قەرەنی، ٦ی حوزەیرانی ٢٠١١، هەولێر.

٨. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەلی حەمەدەمین تەها، ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠١١، هەولێر.

٩. چاوپێکەوتن لەگەڵ فاتمە علی عەزیز، ٢٢ی تەمووزی ٢٠١١، هەولێر.

١٠. چاوپێکەوتن لەگەڵ کاکل محەمەد تاهیر (مامۆستابەهرام)، ٦ی حوزەیرانی ٢٠١١، هەولێر.

١١. چاوپێکەوتن لەگەڵ کەریم فەقێ ئەحمەد باباعەلی، ١٠ی ئەیلولی ٢٠١١، کەرکوك.

**ب- ئەو چاوپێکەوتنانەی لەلایەن کەسانی ترەوە ئەنجامدراون:**

١٢. چاوپێکەوتنی مەهدی محەمەد قادر لەگەڵ ئامینە قادر حەسەن، ١٣ی ئابی ٢٠٠٣، هەولێر.

١٣. چاوپێکەوتنی مەهدی محەمەد قادر لەگەڵ عەلی چوکل بریە، ٢٧ ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٢، هەولێر.